چیرۆک

# چرۆی غوربەتێکی ئازاربەخش



محەمەد ڕەشید فەتاح

هەر بە راستی گیرفانی بەتاڵ تاقەتپڕوکێنە، تۆ بزانە چ خەمێکی گران بە رووخساری ماندووتەوە خۆی مەڵاسداوە؟! ئەوەتا زێتر لە سەعاتێکە لە بن دیواری ئەو کۆشک و سەرایەدا، مۆڵت خواردووە، دەڵێی لە ترسی رووداوێکی ناوەخت خۆت پەناداوە.. جاروبار سەرێکی بێناز بەرزدەکەیتەوەو تاوێک چاوێکی بێمەیل بە ئاسمانە بێڕەنگەکەدا دەگێڕیت، کە سەریش نەوی دەکەیت، هەستێکی وا لە خۆت دەگریت کە لەبەرخۆتەوە بڵێیت (ئەمە دیواری یەکێکە لەو کۆشکانەی کە نهێنییەکی ئەفسووناوییان لە هەناویاندا حەشارداوە! لە نێو ئەم گەڕەکە نوێیەدا ئەمە تاکە کۆشکێک نییە، کە تۆی بە عەرەبانە دەستییەکەتەوە سەراسیمەکردووە، تۆی نامۆ لە دنیای ئەم کۆشکە لووت بەرزانەدا رۆژانە بە دووی شتگەلێکدا وێڵی کە دەستکەوتێکی هاکەزاییت بۆ دابیندەکات، بەوەش نیمچە ژیانێک بەدەستدێنی، خۆشت نازانی نێوی بنێی چ جۆرە ژیانێک؟!). بەیانیان لەتەک دزە نیگای رووناکیدا، لەبری هیوایەکی ئومێد بەخش، غوربەتێکی ئازاربەخش سەرتاپای جەستەی ئۆقرە لەبەربڕاوت لوول دەدات، دوو سەرو پێچکەی لە خەم نەرەخسیو بەدیار ئافرەتێکی هەناو لەمستەوە، لە ئامێزی کۆلیتە تووڕدراوەکەی دەرەوەی شاردا جێدێڵی، بەو هیوایەی کە ئێوارە گەڕایتەوە، رووبەکی تۆراو لە دایکی منداڵەکان نەبینیت و بە کەسەرێکی تاڵیشەوە پێی بلێیت: (ئافرەت ئەمرۆشمان هیچ!!) حا ئەو چی بڵێت؟ ئەویش چەشنی تۆ گومان و تێڕامان و پرسیارەکانی لە نێوەوەی خۆیدا مۆڵ دەخۆن و پۆل پۆلیش لە باوەشی بیرکردنەوە بێئەنجامەکانیدا دەنیشنەوە، دەدانیشەو هەر چاوەڕێبە، وا چێشتەنگاو بەتافی لاوێتی خۆیەوە، ئارەزوومەندانە، کوچەو شەقامە رازاوەکانی گەڕەک تەی دەکات و لەتەک خۆشیدا جۆرە کپی و ئارامییەک دەبەخشێتە دەروونی شارێکی فرە رەنگ و فرە ئاڵۆز! ئێستە کاتێتی، وا هات، ئەو کیژە بیانییەی کە رووخساری زەرد هەڵگەڕاوی دەشوبهێتە مانگە پڕەکەی شەوانی پایز، لە دەفرێکدا جۆرە خواردنێکت بۆ دێنێ، لە ژیانتا نەبۆنوبەرامەی، نە تاموچێژی، ئەو چەشنە خۆراکانە لە دەرگاکەی کۆلێتەکەی نەداویت، ئەو بەهەنگاوی لەرزۆکەوە تا دەگاتە لای تۆ، بەلاتەوە وایە بەسەر پردێکدا گوزەردەکات، کە لە موو باریکترو لە گوێزان تیژترە، ناهەقیشی نییە، گەر بێتو چاوی ئەو دوو پاسەوانە رمووزنەی لەسەر بێت، کە تۆ ناوت ناون (چەکداری ئاغا).. ئەو خۆشی نازانێت بە ئاگری چ جەهەنەمێک کڵوکۆی دادەمرکێت..؟ تۆ بەتاسەوە دەفرەکەی لێوەردەگریت، بەسەرو رووبەکیشەوە لێی دەڕوانیت، نابیناش هەست بەوەدەکات، لە چاوەکانتا چ شادییەک هەلەکە سەمایەتی. ئەو خێرا بەرەو

دوا دەبێتەوە، تا دەگاتەوە پێش دەمی قاپی کۆشکەکەش، یەک دووجار ئاوڕێکی تەلیسماویت لێدەداتەوە، ئەو رۆژانەی کە بەدەستی بەتاڵ بەرەو ماڵ دەگەڕێیتەوە، لەبری دەسکەوتێک، ئەو کەمە خۆراکە دەکەیتە دیاری دەستت، بۆ سێ دەمی داپچراو، سێ جەستەی وشکەڵاتوو تا ئێستا ئیمڕۆکە باشت هێناوە، ئەوەتا لەسەر پشتی عەرەبانەکەت، پانتۆڵێکی ئەژنۆ دڕاو، چەند مەترێک وایەرو مەقەستێکی کول و قایشێکی پشتێن و ژمارەیەک قوتووی ساردی و شووشەی خاڵی ئەوجۆرە مەشروبانەی کە تا قەدەر زەمانێکی دیش ناوەکانیانت بۆ لەبەرناکرێت، خۆیان لەبۆسە ناوە. کەواتە دەستبەکاربەو دوور لە چاوی پاسەوانە نەوسنەکان کە ئەم دەمانە لە نێو کۆشک دێنەدەرەوەو تاوێک کەشوفشی خۆیان بەسەر راستە شەقامەکەشدا دەنوێنن، بەزمانێکی نا ئامادەمییانەشەوە پلارو توانجت تێدەگرن، خواردنەکە بخۆ، ئەم کەلاوەیەی تۆی لێدانیشتوویت، دیوەخان نییە، بەڵکو بەندیخانەیەکەو کەلەبەرێکی بۆ هەناسەدانی تۆ تیانییە! دەی پاروو بگلێنە، ئەم برنجە برنجی (بایەعییەکە) نییە، کە بۆ خۆراکی ئاژەڵیش ناشێت، ئەمە ئەو برنجەیە کە مرۆڤەکانی دی ورگیانی پێ زل دەکەن! ناکاوێت دەستی بەپلە گۆشتەکەوە مەیی، ئەو دیمەنەی ئەوساتە هاتە پێش چاوی، هەرگیز بەبیری خاویدا رێینەکردبوو.. جووتە پاسەوانەکە گەنجێکی سەروگوێلاک خوێناوییان لەدەرگەی گەراجەکەوە بەرەو لای ئەم کردەوە، گەنجەکە سەری بەسەر سنگیدا نەویکردبوو، پێدەچوو لە گیانکێشاندا بێت، بلووزێکی قاوەیی و پانتۆڵێکی کاوبۆی لەبەردابوو، هێندە شەکەت بوو، گەر پاسەوانەکان بەدووی خۆیاندا بەکێشیان نەکردایە، لەپەوڕوودەکەوت، هێنایان و لە نزیکی ئەمەوە فرێیاندا.



یەکێکیان بە زمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە بەمی وت:

– ئەم هەتیوە خوێڕییە بەرەو بیفرۆشە!

– بیبەم بۆ کوێ؟ لە کوێ بیفرۆشم؟
ئەوی دییان بێخەم، بێسڵەمینەوە وتی:
تا زووە بیبەو لەچاڵی چاوتا بیفرۆشە!
ئەوان بەپێکەنینەوە بەرەو دوا بوونەوە، ئەمیش لە ژوورێکی بێدەرگەو پەنجەرەدا خۆی بینییەوە، نەهاواری دەگەیشتە کەس و نە ڕێگەی دەربازبوونیشی هەبوو، ناچار خۆی گەیاندە لاشە راکشاوەکە، گەنجەکە چاوەکانی کردنەوەو باوەشی بە فریادڕەسێکدا کرد، بە زمانێکی نیوە شکاویشەوە پێی وت:
– بە قوربانت بم، لەدەست ئەم پیاوکوژانە دەربازمکە!
– ئەوە چیت لێقەوماوە؟
– جارێ وەختی ئەوە نییە، تۆ لەم نێوە دوورم خەرەوە با نەمخەنەوە نێو سجنەکە.
– سجن.. سجنی چی؟!
– سجنەکەی ژێرەوەی ئەم کۆشکە بەرزە!
– من ئەترسم تووشی بەڵایەک بم.. ئێستە بۆ کوێت بەرم..؟
– تۆ مەلائیکەتی رەحمەتیت، تۆ ئازادیم پێدەبەخشیت.. زووکە تا ئەوان نەگەڕاونەتەوە لەم ناوە دوورم خەرەوە.
– باشە تۆ چ تاوانێکت کردووە... تاوات لێبکەن؟
– بەخوا هیچ.. من قوتابیم، دوێنێ ئێوارە درەنگ ئەمانە هاتن و بیانووی ئەوەیان پێگرتم.. کە من لەم پارکەدا بۆ سەعیکردن نەهاتووم، بەڵکو چاوبڕکێ لەتەک ئینسانەکانی ناو ئەم کۆشکە رازاوەیەدا دەکەم (ئا.. لەوێ لەژێرزەمینەکەدا تێریان لێدام و تەعەداشیان لێکردم!)
– ئەی کەسوکارت بەمەیان نەزانیوە.؟
– لەکوێوە بزانن.. ئەوان ئێستە وا دەزانن بێسەروشوێنم.
ئەم بێدەنگ بوو، گەنجەکەش بەمەبەستی خەفەکردنی ئازارەکانی پێڵووی چاوە ئاوتێزاوەکانی لێکنا.
کردارو رەفتاری پاسەوانەکان و نرکەو ناڵەی جەستە راکشاوەکەی نزیکیەوە لە شاشەی هەستونەستی وروژاویدا، دنیایەکی وای پیشاندا، کە تائەوکاتە دەرگەی خۆشباوەڕی و بێئاگایی نەخستووە سەر گازی پشت.
هەر بە راستی کامیان راستی دەپێکن، ئەوانی جەللاد یاخود ئەمی قوتابی؟
چێشتەنگاو ئۆغریکردو دنیا ئارامتر بوو، درەختەکانی رۆخی شەقامەکەش کەوتنە ئەوەی سەرخەوێکی کاتی بشکێنن.؟. چەند سەعاتێکی دی پۆل.. پۆل.. کچان و کوڕانی تازەهەڵچوو، دێنە نێو ئەم پارکەوەو دوو... دوو.. لەژێر سایەو سێبەری ئەم درەختانەدا دەئاخفن و گرەو لەسەر جۆرە عیشقێک دەکەن، کە دوارۆژ خۆشیان نازانن، براوەن، یاخود دۆڕاون..!!
لە ملاشەوە راوچییە بێبەزەییەکان، چەشنی ئەم دوو پاسەوانە تەماعیان تێدەکەن، بێباڵەکانیان راودەکەن و لە قەفەزیان دەنێن.. باڵدارەکانیشیان لەم پارکە دەتۆرێنن، ئایی خودایە، بڕوانە ئەو ئاهە بۆ کروزاوییەت چ پەڵەیەکی رەشی بە دیوارە هەڵکشاوەکەی ئەوبەرتەوە لکاندا؟ ئەمجۆرە پەڵە رەشانەی کە بە دیوارەکانی ئەم کۆشک و تەلارانەوەن، سەرجەمیان هەناسەی دوکەڵاوی ئێوە و مانانە... تۆ تازە هەست بەوەدەکەیت، کە لەسەرەتای بنیاتنانی ئەم کۆشکانەوە، ئەم دیاردەیە رێچکەی خۆی گرتووەو پەڵەی رەش و دیواری بەرز هەر لەململانێدا دەبن.!
ئەی ماوەیەک لەمەوبەر یەکێ لەم پاسەوانانە پێی نەگوتی:
– گەر خێزانەکەت جوان و جەهێڵە، بیهێنە بادایمەزرێنین! تۆش خۆت بکە بەپیاو!

تۆ ملت نەدا، هەر دوێنێ نیوەڕۆبوو، ئەوەکەی دییان، زمانی لێگۆڕیت و بە تووڕەبوونەوە بەسەرتاهات:
– گەر تا دوو ڕۆژی دی، ئەوەی پێمان گوتی... نەیکەیت، جارێکیتر پێ ناخەیتە نێو ئەم گەڕەکەوە.
خۆشت نەتزانی ئەوکاتە چۆن بە ڕوویدا تەقیتەوە:
– بۆ... ئێوە خاوەنی ئەم گەڕەکەن؟
ئەو بەپێکەنینەوە وتی:
– گەمژە.. تازە بەوەت زانیوە.. گوایە بەنیازیت، لەم ناوەدا دەستکەوت و قازانج بەدەست بێنیت و ئێمەش ئیستفادەیەکت لێنەکەین؟
گەنجەکە بێدەنگی ئەوی قۆستەوەو بە نیمچە هاوارێکەوە.. بەئاگای هێنایەوە:
– بێدەنگی تۆ زیاتر ئازارم دەدات.
– لێمگەڕێ منیش ئازارم هەیە.. ئازارەکانی منیش بارتەقای ئازارەکانی تۆیە.
ئەوە چ دەستێک بوو، ئەو دەمە توانای دایە ڕۆحی هەڵقرچاوت و ئاگری لە چاوەکانتا کردەوە، هەر ئەوەندە بەخۆت زانی گەنجەکەت لەباوەش گرت و خستتە سەر پشتی عەرەبانەکەو بێدەنگ دوورت خستەوە، دوای ساتە وەختێک، ئەو هەر بە ڕاکشاوی لێی پرسیت:
– بەرەو کوێ دەچیت؟
– پەلە مەکە.. ددان بە خۆتا بگرە، ناوەستین، تا دەگەینە ئەو شوێنەی کە جۆرە ئازادییەک ئازارەکانمان سارێژ دەکات!!